سەرکایەتی کۆماری سوریا سەبارەت بە تەقینەوەکەی مەنبەج پێیامێک بۆاودکاتەو



سەرکایەتی کۆماری سوریا سەبارەت بە تەقینەوەکەی مەنبەج لە پەیامێکدا رایگەیاند، ئەم تاوانە بەبێ تووندترین سزا بەسەر ئەنجامدەرانیدا تێناپەڕێت و

سەرکایەتی کۆماری سوریا لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، ئەمڕۆ دوشەممە بڕدومانێکی تیرۆریستی گەلی مەدەنیی ئێمەی لە شاری مەنبەج کردە ئامانج و لە ئەنجامدا 20 کەس گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بون.
ئاماژەی بەوەشکردوە، لەم هێرشە دەوڵەتی سوریا دوپاتیدەکاتەوە کە درێغی ناکات لە بەدواداچون و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەستیان لەم کارە تاوانکارییە هەیە، ئەم تاوانەش بەبێ تووندترین سزا بەسەر ئەنجامدەرانیدا تێناپەڕێت، بەجۆرێك کە ئەوان دەکرێنە وانەیەك بۆ هەر کەسێك کە بوێرێت دەستکاری ئاسایشی سوریا بکات یان زیان بە خەڵکەکەی بگەیەنێت.